کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 19:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەسکە گوڵێک بۆ مامۆستا (موحسین جوامێر) دەڵێم جەنابت باوەڕ بە قسەی هەڤاڵ (مام جەلال) ناکەیت بەڵام باوەڕ بە ڕۆژنامەی سەباحی تورکی دەکەیت!! ... باوکی شازاد**

مامۆستای بەڕێز وابزانم هەموومان بە گوێێ خۆمان قسەکەی هاڤاڵ (مام جەلالمان) گوێ لی بوو جا بەڕای من پیویست بەوە ناکات کەسیکی تورک بۆمان شی بکاتەوە ئایە چی ووتوەو چی نەوتووە، گرنگ ئەوەیە پیاو کە مەوقیفیک هاتە پێش دەبی خۆی بۆ ئامادە بکات، مام جەلال هەر بە سودفە ئەو قسەیەی نەکردوە، ئەو لە گەڵ کاک (مەسعود) بەیەکەوە پێشتر کۆبونەوەی دوو قۆڵیان ئەنجامداوەو پێک هاتون کە لەو کۆنگرە ڕۆژنامە نوسیەدا چی بڵین، جا لەبەر چاوی ئەو هەموو خەڵکە قسەکان کراون، بە دەیان تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو ڕادیۆی جیهانی و عارەبی ئامادە بوون، باشە خۆ وەکو مەسەلەی (بەشار ئەسەدی) لی ناکەن فاولێکی کردوە بە هەموو ئومەی عارەبی بۆیان پینەو پەڕۆ ناکریت کە بە زبانی عارەبی پشتیوانی لە بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیای کرد بۆ بەزاندنی سنوری خاکی ئێراق، بۆ ئەوەی ڕاوەدوی گەریلاکانی پەکەکە بنێن بە ناوی تێرۆریست کەچی دەستەو دایەرەکەی دەیانەو/یت قەناعەت بە خەڵک بێنن کە شتی وای نەووتوە، باشە خۆ مام جەلال قسەیەکی هەڵەی نەکردوە تاکوو لێی پەشیمان بێتەوە بەڕاستی هەموو گەلی کوردی دڵخۆش کرد بەو هەڵوێستە کوردانەی کە نیشانی خەڵکی دا هەروەک کاک مەسعودیش کە دانی بەوەدا نەنا کە پەکەکە گروپێکی تێرۆریستیە بە مەرجێک ئەگەر دانوسانیان ڕەفز کردەوە لە گەڵ تورکیا لەو کاتە ناویان دەبات وەکوو تێرۆریست، ئەوەش لە پشیلەکەی مام جەلال بەهێز تر بوو، ئەوەی کە دیمان ڕوی ڕاستی مام جەلالی پێشمەرگەو سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، وە هەر بۆ وێنە دەیڵێم ئەو وەزیرەی دەرەوەی تورکیا (عەلی باباجان) هەر زۆر پیاوێکی درۆزن بوو کە گەڕایەوە تورکیا درۆیەکی شاخداری بەدەمی مام جەلال کرد گەرماو گەرم دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار وەڵامی دایەوە کە مام جەلال بەهیچ شێوەیەک وەعدی بە (عەلی باباجان) نەداوە سەرکردەکانی پەکەکە تەسلیم بە تورکیا دەکەنەوە، جا پیاوێک ئەوە ڕەفتاری بێت درۆ کردن لای شتێکی زۆر ئاسایی بێت، زۆر بە ئاسانی دەڵی مام جەلال قسەی وای نەکردوە کە (پشیلەیەکی کوردیش) تەسلیم بە تورکیا ناکەینەوە، لە راستیشدا نە هێزی پێشمەرگەو نە حکومەتی ئێراقیش ئەو توانایەیان نیە سەرکردەکانی پەکەکە بگرن کە ئەو هەموو هیزەیان لە گەڵدایەو لە حاسێ ترین چیاو شاخەکانی قەندیل خۆیان حەشار داوە ئاوا بە ئاسانی تەسلیم نابن گەر بزانن شتی وایان لە گەڵ دەکرێت شەڕ دەکەن باشە تۆ بڵیی ئێراقی و کورد لە جیاتی هێزەکانی تورک شەڕی پەکەکە بکەن؟ با ئەو شەڕە خۆیان بیکەن ئەگەر ئەوەندە ئازان بەڵام مەسەلە نە پەکەکەیەو نە هیچی تر هەموومان دەزانی تورکیا کوێی دێشێت ماددەی سەدوو چل کوێری کردون مێشکیان لە سەردا نەماوە ئەگەرنا کەی زەمانی ئەوەماوە تۆ لە پەرلەمانی خۆت ئیجازە بدەیت بە هێزەکانی خۆت سنوری وولاتێکی تر ببەزێنیت بۆ ڕاوەدونانی چەند گەریلایەک کە کەس نازانێت بە چ شاخێکەوە نوساون و بارەگاکانیان لە کوێیە تەنها دەزانن لە چیاکانی قەندیلن، مامۆستا جەنابتان زۆر باسی لێهاتویی مام جەلالتان کرد کەچی گومانیشت هەیە لە هەڵس و کەوتەکانی تۆ بڵێی بەڕای جەنابت وابزانی مام جەلال توشی نەخۆشی خەلەفاوی (زیهایمەر) بوبێت لەبەر ئەوەی لە قسەکانت وا دەر دەکەوێت!!!بەڵام دلنیات دەکەمەوە کە مام جەلال زۆر لەسەرخۆیەو هیچ کەموو کوڕی نیەو هەموو هەنگاوەکانیشی بە حیساب و کیتابە، ئەگەر باسی هەندێک مەوقیفی تایبەتیشی دەکەیت بەرامبەر ئیعدامکردنی تاوەنباران ئەوەیان شتێکی ترە جەنابت دەزانی ئیمڕۆ هەموو سەرکردەکانی ئێراق دەبێ لە گەڵ ئاوازی ئەمریکیەکان بە یەک ڕیتم بڕۆن، هەرکەسێک لایدا ئەوا توشی هەڵەی گەورە دەبێت و لەبەرژەوەندی گشتی ئێراق و کورد دا نیە دژایەتی کردنی ئەمریکا، هەر بۆ وەبیر هێنانەوەش، خۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیمان چۆن (CIA) پاش ئەوەی مام جەلال کە ووتی سوڵتان هاشم پەیوەندی بە ئێمە وە هەبووە، ئەوانیش خۆیان کرد بەخاوەنی ووتیان سیخوڕی بۆ ئێمە کردوەو یارمەتی داوین، کەواتە قسەکانی هەردولا لێرەوە تێکیان کردەوە، ئەوە مامەلەو سەودای سیاسیە زۆر زەحمەتە ئێمە مانا وا بە ئاسانی سەرمان لێی دەربچێت هەر شتێک بەرامبەر شتێک پێشکەش دەکرێت سروشتی سیاسەت ئاوایە ئەگەر وا نەکرێت (تاریق هاشمی) هەناوی بۆ کوردو کوردستان سوتاوە بچێت داوا لە تورکیا بکات هێرش نەکاتە سەر هەرێمی کوردستان وەیان ئاوا بە ئاسانی لێبگەڕێن عارەبە هاوردەکانی کەرکوک قەرەبوو وەر بگرن و بەرەو شوێنەکانی خۆیان بگەڕێنەوە بەڕاستی مامۆستا ئەگەر تەمەن ڕێگای پێداین پاش چەند ساڵێکی تر ئینجا بۆمان دیار دەکەوێت کە مام جەلال چی کردوە بۆ بەرژەوەندی دۆزی کورد ئەوەس هیوادارم لە ژیان نامەکەی بۆمان باس بکات کاتێک کە نەیتوانی زیاتر خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات و کەوتە کاتی حەسانەوەی پیری بەڵام هێشتا ئەو کاتە ماویەتی مام بگاتە جاڵی دابڕان لە گەڵمان هیوای تەمەن درێژی بۆ دەکەین، بە نیسبەت ئەوەی کە جە نابت ویستبوتان مەقالەیەکی عارەبی بنوسن وبە خۆشیەوە بڵاوی بکەنەوە بە عینوانی (قال مام جەلال لن نسلم قگە کوردیە الی تورکیا) دەبوایە بەبی دڵ لە دڵدان بتان نوسیبایە هیوادارم ئێستاش هەر نەچوە بچێت بڵاوی بکەوە دەبی ئەو جۆرە قسانە بە ئاوی زێر بنوسرێنەوە بۆ ئەوەی مێژو شایەد بێت کە سەرکردەکانی کورد چۆن هەڵس و کەوتیان لەگەڵ ڕوداوەکان کردوە، بەڕاستی ئێمەو تورکیا وەکوو مەسەلەکەی (دایک و کوڕەکەمان لێهاتوە) کە هەموو ڕۆژێک داوای شتی لە دایکی دەکرد ئەگەر بۆی جیبەجێ نەکردایە دەیوت دایە بڵێم هەتارۆژێک دایکەکە بێزار بوو ووتی من دەزانم هەر دەیڵیی جادەبڕۆ هیچ منەتت نەبێت بیڵی ووتی باوە گیان دایکم بایەکی لێ بەربوو ووتی ئینجا چیە لەمنی کەوێت من هەزار بای وام لێ بەردەبی، بۆیە کوردیش زۆر منەتی بە تورکیا نیە کە ئاخۆ چی دەکات و چی ناکات ئەگەر بۆیان ڕێک بکەوێت ئەوان یەک چرکە ناوەستن و هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان، کە ئەوان بەتیکرای دەنگ لەو پەڕلەمانە شەڕانگێزە بڕیاری سنور بازاندنیان دا، بوڕهانیان کرد کە دەوڵەتێکی ئیرهابی و داگیر کەرن، بەو بڕیارەش هیچ گومانیان لای کەس نەهێشت کە ئەوانە دورن لە بنەمای دێموکراتیەت، هەر وەکو باپیرە گەورەکانیان دەیانەوێت لەسەر حیسابی خەڵک ببن بە خاوەنی خاکی زیاتر و نیشتمانێکی تەزویری گەورە ئەگەر بتوانن (ئیمپڕاتۆتیەتە فشەکەی عوسمانلی جاریکی تر بژیینەوە ئەوە هیوای هەموو تۆرانیەکە بەڵام ئەو هیوایە وەکوو مەسەلەی عارەبەکانی لێهات بۆ لەناو بردنی جولەکەکان، هەروەک چۆن لە کاتی خۆی ئەو داگیر کەرانە هاتن ناوچەی (میزۆپۆتامیایان) داگیر کردو ناویان نا تورکیا لە دواییش 800 ساڵ بە درۆو فرت و فێڵ حوکمی ئیسلامیان کرد هەتا لە شەڕی جیهانی یەکەم بەدواوە هاوپەیمانان خەڵکیان ڕزگار کرد لە دەستی ئەو جاهیلانە، بەداخەوە هەر ئیمەی کورد نەبێت یەخەمان لە یەخەیان نەبوەو هیوادارم ئەو ڕۆژەش بۆ کورد نزیک بوبێتەوە دەستمان لە دەستیان ببێتەوە، لە کۆتاییدا هیوادارم مامۆستا موحسین باوەڕت بە مام جەلال وا بێ هێز نەبێت، کە بەهۆی پیری و تەمەن بەسەر چونەوە شت لەبیر بکات...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.